# له خۆزگەوه بۆ ئۆخەی

**هوشیار عوسمان**
hushyarosman@yahoo.de

خۆزگەو ئارەزوو یەکێکه له خواسته دەروونی یەکانی ئادەمیزاد ، له هەموو بوارێکدا مرۆڤ له دڵەوه ئاوات دەخوازێت بۆ بەدیهێنانی ئەو شتانەی که حەزی پێ دەکات و به کردەوەش هەوڵ و رەنجی بۆ دەدات . گرنگ ئەوەیه چەنده ئارەزوو هەیەو تا چ ئەندازەیەک له پێناویدا کۆشش دەکرێت . لاپەرەکانی مێژوو شاهیدن بۆ ئەو گۆرانکاریانەی که له هەموو چاخ و سەردەمێکدا مرۆڤەکان کردویانەو حەزەکانیان له دڵەوه کردووه به ئەمری واقیع و له سایەیدا حەساونەتەوه . ئێمەی کورد له ناو کۆمەڵگای جیهانیدا وەک خەڵکی دیکه سەدان خۆزگەو ئارەزوو له دەروونماندا پەنگی خواردوەتەوه و شەوانه خەوی پێوه دەبینین . ئاخۆ توانیومانه تینویەتی هەناومان بشکێنین و هیواو ئاواتەکانمان له بچوکەوه بۆ گەوره به دەست بهێنین؟؟!! ئایا ئێمه له ئەمرۆی ئەم جیهانەدا وەک میللەتانی تر ئاواتمان هەیەو له هەنگاونان بۆ گەیشتن پێی هەمان بەرزو نزمی دێته رێگامان ،؟؟ یان جۆرو رەنگ و قەبارەی خۆزگەکانی ئێمه له چاو هیوای خەڵکی دیکەدا جیاوازییان ئاسمان و رێسمانه!!

ئێمه له کوێین و ئەوان له کوێن؟؟ ئەگەر وەک یەک واین خاڵه هاوبەشەکانمان کامەیه؟؟ ئەگەر بەیەک ناخۆین هۆکارەکانی چی یه؟؟ چی بکەین تا بتوانین له کەمترین کاتدا به گەورەترین خۆزگه بگەین و زیاتر ئۆخەی له سەر زارمان بێت ..

هیچ کەس له خۆوه به هیواکانی نەگەیشتووه و دەبێت له پێناویدا کار بکات و مایەی بۆ دابنێت ، ئەگینا به تەنها خۆزگەیەک به هەشتیک بنیات دەنراو ئێمەی کوردیش هەرگیز ماڵ وێرانی و ژێر چەپۆکەییمان نەدەبینی و ئەو هەموو ئازارەمان نەدەکێشا ، له هەمان روانگەوه میللەتانی تریش به رۆژێک و له ئاسمانەوه خۆشبەختیان به سەردا نەباریوه ، بەڵکو هەرکەسەو بەپێ ی ژیری و هۆش و لێکدانەوەی خۆی کاری بۆ ئەوه کردووه خۆزگه بکاته ئۆخەی و پله به پله له مەیدانی ژیاندا کامەرانی به دەست بهێنێت ..

لێ مخابن کورد لەم زەمینەدا کۆششەکانی کەم بڕ دەکات و له گەڵ ئەوەی هەزاران خۆزگەی هەیه ، کەچی بەرهەمەکەی ناگاته ئۆخەی !! که هۆکارەکەیشی زیاتر له خۆی دایه و دواتریش دەوروبەر زیاتر دەبنه هۆی پوچەڵ کردنەوەی.

هەموومان خۆزگه دەخوازین بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی ، بۆ دڵسۆزی و پاکی ، بۆ راستی و نیشتمان پەروەری ، بۆ ویژدانێکی رەسەنی کوردانەو...کەچی هەرکامێکمان له ئاستی کارو بەرپرسیاریەتیدا وەک پێویست ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ ناکەین و له فرسەتێک دەگەرێین بۆ خۆدزینەوه ، لەولایشەوه تاوانەکان ئاراستەی کەسانی تر دەکەین .!! ئالێرەوه خۆزگەکان له بار دەچن و هەرگیز کۆرپەی ئۆخەی له وڵاتەکەماندا له دایک نابێت و ئاخ و ئۆف و ناڵەو گریان و دەردو ئازار بەشی شەوو رۆژمان دەبێت .!!

با بۆ ساتێک هەر یەکەمان بەخۆدا چوونەوەیەک بکەین و بزانین بۆچی خۆزگەی ئێمه تامردنەو له گۆریشدا ئۆخەی نابینین؟؟!!....